جوڵانەوەی نەوەی نوێ دەڵێت حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێم ئامادە نییە نەوت بداتە بەغدا

هیمداد شاهین، وتەبێژی جوڵانەوەی نەوەی نوێ ڕایگەیاند، "حکومەتی کاربەڕێکەری هەرێم دەڵێت ئێمە نەوتمان تەسلیم کردوە، دەشڵێت موچەی فەرمانبەران بەرپرسیارێتی ئێمە نییەو دەبێت داوا لە حکومەتی عێراق بکرێت!، ئەمە بەهیچ شێوەیەک ڕاست نییە و با خەڵک هەموو بزانن کە تا ئێستا حکومەتی هەرێم ئامادە نییە نەوت تەسلیم بکات".

ڕوونیکردەوەش، " هەر ئەم مانگە حکومەتی عێڕاق داوای 130 هەزار بەرمیل نەوتی کردووە بۆ پاڵاوگەکان بەڵام هەرێم قایل نەبووە تەسلیمی بکات".

وتیشی: جگە لەوەی تا ئێستا هەرێم رازی نەبوە ئیدارەدانی کێڵگە نەوتییەکان تەسلیم بە سۆمۆ بکات و دەیەوێت خۆی نەوتەکە بفرۆشێت و داهاتەکەشی کە دۆلارە لە رێی بانکە حزبییەکانەوە بە 130 هەزار دینار بشکێنێتەوە.